# سەربڕینی دایکەخواوەند!

## ڕووبارەکەمان: سیروان!

'خوێندنەوەیەکی ئوستوورەناسانە'

سوورێن ئیبراهیم- ڕزگار شەوکەت

کوردان سرووشتیان خۆش گەرەک! **تۆما بوا**

خەڵکی زەریام، لە دایکەوە. **شێرکۆ بێکەس!**

بترسن لە نەفرەتی ئاو! بەپێی میتۆلۆژیایەک، چوارەم پاشای ماد، خەونێک دەبینێ. لە خەونیدا لە زێی ماندانای کچییەوە ئاوێک هەڵدەستێ و شانشینەکەی ڕادەماڵێ. ئاو شانشین ڕادەستی کورووش دەکات. نەفرەتی ئاو کوردان هەردەوێڵ و هێڕ و کلۆڵ دەکات، کلۆڵییەک، شاعیر واتەنی، بە باوە ئەبارێ، تا ئێستاش...

لە فیلمی ئەڤاتاردا، بێگانەکان بەو چەک و تەکنەلۆژییە چەپۆکسالارە کوێرەی وا خوازانستی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی پێی بەخشیون، درەختی ژیان، یان هەمان دایکەخواوەند و دایکەسرووشت، لە خەڵکە ڕەسەنەکە دەسەننەوە و لە برگەیەکی مەرگەساتباردا دەیسووتێنن. فیلمەکە دۆخێکی گیانگەرایی لای نەتەوەیەکی ڕەسەن دەنوێنێتەوە، هەموو شتەکان، ماخۆی گیانن و یەکسانیی و تێگەیشتنێکی سرووشتیی گەشەکردووی دیموکراتیکی تەنەکانی سرووشت پاوەجێیە. ئیتر خەڵکە ڕەسەنەکە فرمێسک هەڵدەوەرێنن بۆ مردنی دایکەدرەخت، سا هاوسەنگیی کۆمەڵایەتیی و ئاینیی و فەرهەنگییان هەڵدەوەشێتەوە. هەن ئەمە بە سەرکەوتنی ئاگایی بە سەر سرووشت و نائاگایی و هەشن بە سەرکەوتنی ژیاریی بە سەر سەرەتایەتییدا ناودێری دەکەن، لێ هەشن وەک شتراوس پێیان وایە ئەقڵی بەرایی هەر دەکاتەوە ئەقڵ و زانایی ئێستا، ئەوە تەنیا ئامڕازەکانن گۆڕاون و جیاوازییەکە تەنها چەندێتییە نەک چۆنێتیی.

بەپێی ئوستوورەناسیی زاڵبوون بەسەر سرووشتدا، کوشتنی دایکەخوای پێشین و دێرین، واتای پێگەشتن و هەراشییە لە ئاستی کەسێتیی و شارسازیی و دەوڵەتسازییشە لە ئاستیی کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگییدا؛ کەواتە کاتێ پاشا خوای نێر بەرەو شاراندن دەچێ، هاوسەنگیی نێوان ژیریی سۆزەکیی و ئەقڵانیی تێک دەچێت، ئەمە بەپێی سیستەمە ئوستوورەناسییەکان کۆتایی جیهانێک و

سەرەتای جیهانێکی تازەیە: **(کۆتایی-گێژاو و کایۆس -ژیانەوە.)** سا دەبێ ئایدۆلۆژیا و میتۆلۆژیای خواوەندی کۆن بسڕدرێتەوە، چونکە پاشا خوای شارنشین گەرەکێتی ئایدۆلۆژیا و میتۆلۆژیای خۆی ئاوا بکات. بۆ سەربڕینی سیروان هەمان گریانی ئەڤەتاریی لەگۆڕێیە.

سیروان پیرۆزە، ئەمە لە گاڵتە دەچێ، بەڵام پەیوەندییەکی سەیرەوسەمەرە هەیە لە نێوان دۆزینەوەی مس و شارسازیی و تاکخوایی و دینی دەوڵەت و چاخی پیاوسالاریی، بەپێی گۆردن چایڵد ئەمە بنەتا و بەرهۆی سەرهەڵدانی ئەو پاشایانەیە وا بوون بە خوا و گۆچانەکەی دەستیان هێمایە بۆ ئەو خواوەندێتییە. لەم چاخەی ئێستاشدا ئەم هێمایەی خواوەندێتیی و دەسەڵات بووە بە ئامێرە بێرۆحە بەهاژە و گرەکان. ئەم ڕۆژانە ئاماژەیەک پێمان دەڵێ ناوچەی گەرمیان پاش مێژوویەکی درێژ لە سەردەمی گۆتییەکانەوە تا ئێستا، کە جێی سمکۆڵان و کوڕژنی گەلێک هۆز و ڕەوتی دژبەر بووە، گەشتووەتە پلەی شاراندن و سەربڕینی دایکەسرووشت. سیروان هەمیشە و بە شێوەی جیاواز یان هێما بووە بۆ مێیایەتیی خاک و پەیوەندیی دەرهەست و بەرهەست لێل سرووشت، یان ڕێبەر و پاڵپشتی ژیانێکی کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیی. کاریگەرییەک، کە لە کلامی ڕێبەرە یارسانەکانەوە تا هەوارگەی تیرە و هۆزە کۆچەرەکانی ناوچەکە هەمیشە بیچمی داوە بە ژیانی ئاییني و کۆمەڵایەتیی خەڵکی ناوچەکە. هەر وەک گۆڤانێکی قۆناغی کۆچەرێتیی هۆزی جاف دەیگێڕێتەوە: گوایە ئەو شانۆ فۆلکلۆرییەی لای هۆزەکە هەبووە: **کۆتەڵەوچەمەر**، کە جۆرێکە لە تەوتەمپەرەستیی و کاتی مردنی کەسێک دەیگرێن، هەر بە تەنیشت و لاکەشی ئەم ئاوەدا جلە لە نەیجە هەڵکێشراوە داهۆڵییەکەیان لە گایەک دەبەست و دەیانبردە کوێستان و کاتێ ساڵ هاتووەتەوە دیسانەوە هەمان کۆتەڵیان بە گاکەوە هێناوەتەوە گەرمیان، پاشان ئەم مەڕاسیمە تەواو بووە. ئەم مەڕاسیمە تا ساڵانی شەست و هاتنی شوعییەکان بەردەوام بووە. هیچ شتێ وەک ئەم سرووتە ئاماژە بۆ ڕامانی گەلێک ناکات لەمەڕ (مەرگ و هەڵسانەوە- مردن و ژیانەوەی سرووشت).

لە ڕووی وشەکارییەوە خەڵکی ناوچەکە دەڵێن شێروانە و بووە بە سیروان. بەپێی میتۆلۆژیای کوردیی شێر یەکێکە لە تەوتەمە بنەڕەتیی و بەرجەستەکانی کۆنەستی کوردیی. گەر وەک وشەکارییش تێی هەڵڕوانین: (وان) هەمان پاشگری شوێنیی (وەند)ی میدەکانە و لە ناوەکانی وەک ئەڵوەند و کاکاوەند و مەریوان و پێنجوێن و سوورێن و شێرەوەندا دووپات بووەتەوە. وەند، هەمان کاری (ئاوا یان گە) دەکات. پاشگری شوێنییە: سیروەند و سێڕوان، شێرئاوا؟ شێراوا یەکێک بوو لە شوێنەوارە گرنەکانی نێو مێژووی کوردستان، پەیکەری گەلەشێرێکە و ئەردۆگان تاروماری کرد. خۆ گەر سێ-ڕوانیش بێت، ئەوا دیسانەوە هەڵگری مانایەکی سیمبوڵیترە.

لە ئاستی زماندا سیروان هەمیشە ئەو کاریگەرییەی هەبووە کە دوو پارچەی کوردستانی پێک گەیاندووە: باشوور و ڕۆژهەڵات. دەنگسازیی و وشەسازیی ئەو خەڵکانەی بە چوارسووچی ئەم ئاوەدا، بە هۆکاری ئاییني و کۆمەڵایەتیی و ئابووریی، هاتووچۆیان کردووە، شایانی لێکۆڵینەوەیەکی پانووپۆڕە. ئەو پەیوەندییەی لە نێوان ئەفسانەی درووستبوونی ئایینی یارسان و ئاودا هەیە، جێی ڕامانە:

ئەوسا پاشام نە دوون یا بی

نە ئەرز نە سەما نە سوورەیا بی.

**یا** خواوەندە، هەمان ئاوی سەرەتایی و بنەڕەتە. ئاو لە ئوستوورەی کۆنی دۆڵی دووئاوانەوە تا گەلانی تر، هەمیشە جێی پەرواری ئەو کوڕە ساوایەیە وا دواتر دەبێتە پاشا. وەک **نموی** سۆمەریی و **ئیای** بابلی، کە یەکەمیان خواژن و  ئاوی سەرەتاییە و دووەمیش ئاماژەیە بۆ خواوژنی ئاوی شیرین.

 لە کلامی یارییدا ئاماژەی سەیر و گرنگ هەن بۆ ئاو: سەرەتا دنیا گشتی ئاو بوو. ئاو لە میتۆلۆژیای کوردییدا لە سۆمەرەوە تا ئێزدیی و یارسان سەرەتایە. ئاو لە ئوستوورەی ئافراندنی کوردییدا سەرەتایە، پاشان لە پیڤاژۆی نوێبوونەوەی ئوستوورەییدا ئاگر دێتە گۆڕێ. سیروان ئەو ئاوەیە وا پیرێکی یارسان خۆی تێدا سەرنوقم دەکات و ئیتر نایەتە دەر. لە ئەفسانەی خەڵکی ناوچەکەدا پەیوەندیی دێو و مارێکی زلی ئاویی لەم ڕووبارە و دزینی منداڵی چلڕۆژەدا هەیە: **دایکەهاڵ**، ئەمە هەمان ئوستووڕەی لەدایکبوونی پاشا یان خوا نوێکەیە بەپێی تێزەکانی میرچا ئەلیادە. ئەمڕۆ سیروان وشک دەکرێ، کاتێ ئەم ڕستە دەنووسین، دەبێ بیر لە کارەساتێکی چاندیی و مرۆیی بکەینەوە نەک هەواڵی ڕۆژنامەیەک، سیروان پیرۆزە، ئەمە لە گاڵتە دەچێ، بەڵام ئیدیۆم و دەربڕینە زمانەوانییەکان گاڵتە نازانن.

ئەتبەمە سەر سیروان و ئاوت نادەم.

ئەتدەم بە دەم سیروانەوە.

سیروان لێت دەم هەر وەی، لێت نەدەم هەر وەی.

سیروان دەخیلتم.

زۆرجار ورد گوێ لە خەڵکی ناوچەکە دەگری، کاتێ کابرا گەر باسی ڕووباری تایمز و دیجلە و هەر ئاوێکی تری دەکات، وتوویەتی سیروانیان چەن گەورەیە، کوڕەی فیلمەکەیان فڕێ دایە سیروان،

بەڵام نە ئاوی نێو فیلمەکە سیروان بووە و نە هیچ شتێکی کە، سیروان لای ئەو ئیدیاڵێکی هزریی و زمانەوانییە بۆ هەموو ئاوێک. سیروان شاهێمایە.

دەمانەوێت بڵێین تا پێش گەیشتنی هەڵپە و چاوبرسێتیی و دەرکەوتنی چینە لۆمپەنەکە، پەیوەندیی خەڵک بە سیروانەوە ژیانی و زیندوو بوو، ئەوکات سیروان هەر تەنها سەرچاوەی کەرەستەی خاو نەبوو، بەڵکوو حەکایەتخوان و پەیامهێنیش بوو، گوێی لێ دەگیرا، دەدوێنرا. خەمی پێدا دەدرا. (ئاوەکەی سیروان بەرەو خوارەچێ سێوێکم پیادا بۆ لای یارەچێ). کاتێک ئەو پەیوەندییە ئۆرگانیی و گیانییە گۆڕا، جێی بە نامۆبوون و توران گیرایەوە، لەم کاتەوە ئیدی چاو خرایە سەر جەستەی سیروان، (جەستەی دایک بەپێی میتۆلۆژیا) لە گیانگەرایی داماڵرا، دواجاریش پاوان کرا و ڕووت کرایەوە.

نامۆبوون هیی چرکەساتی شێوانی پەیوەندییە، یان تێکچوونی هاوسەنگی پەیوەندیی، جۆرێکە لە هەڵکەنران و لەڕیشەوە پچڕان، نامۆبوونی کرێکاریش هەر دۆخێکی ئاوایە، واتا جۆرێکە لە نامۆبوون لە بەرهەمەکەی و چنراوە کۆمەڵایەتیی و ژینگەییەکەی. نامۆبوونی مرۆڤی ئێمەش لە ژینگە و سیروانیش هەر ئەم ژاکان و تێکچوونە زەینیی و کۆمەڵایەتیەیە، ئەم نامۆبوون و ئاڵسکانە زەینییە دۆخی ئێمەی گۆڕی بۆ دۆخێکی نزیک لەوەی داریوش شایگان ناوی لێ دەنێت فەترەت. فەترەت واتا بەین و نێوان، بێشووناسیی و نە ئەم نە ئەو، لە نێواندا مانەوە و یەکلانەبوونەوە. لێرەوە مرۆڤی ئێمە لەنێوان خەیاڵدان و پەیوەندیی ئاشقانە بە سیروان و گەیشتنی شەپۆلی هەڵپە و دنیاخۆریی سەرمایەدارییدا خیانەتی لە ئەمانەت کرد و دووەمی هەڵبژارد. نە ئەم نە ئەو، واتە هیچ، ئەوەی ئۆجەلان ناوی نابوو: نیوەمرۆڤ و نیوەئاژەڵ، ئەوە لەبەر ئەوە نا کە نیوەئاژەڵن و پیرۆز و خوان، بەڵکوو لەبەر ئەوەی لە دەرەوەی مێژوون...

ئەم مرۆڤە نامۆ و شێواوە چیتر ناتوانێت هاوسەنگ بیر بکاتەوە و وێنە گشتییەکە ببینێت، هەڵپە و چاوچلێسیی چاوی سوور کردووە و لە ڕۆح و ناموسی سرووشت تێ ناگات، ناتوانێت سەر هەڵبڕێ و تەنها بەرپێی خۆی دەبینێت، سەرەندەر لە پەیوەستیی و یەکپارچەیی سرووشت و ژینگە ناکات، تێناگا لێرەدا هاوسەنگییەکی ورد و چنراو هەیە و لەنێوچوونی مێشوولەیەکیش کاریگەریی هەیە. شەلمکوێرم ناپارێزم، وەک دڕەندەیەکی شێت و چاوبرسیی، وەک تاڵانچیی هاشاوڵی جەستەی سیروانی دایک و شادەماری ژیان دەدات.

واتە ئەم مرۆڤە بەم بارە شێواوە زەینیی و کۆمەڵایەتییەوە، لە چەمکی ئیکۆسیستەم تێ ناگات. ئەمە تەنها کێشەی ئێمە نییە وەک کورد، بەڵکوو کێشەی گەلانی دەوروبەریشە، واتە تاکوو ئێستا ئەو

ڕاستییە دەرک نەکراوە کە ئێمە وەک مرۆڤەکان ژیانمان گرێدراوی یەکترە. ئەم ژیانە توند گرێ دراوە بە ژینگەشەوە، ئەمەش یەکێتییەکە کەرتکردن ناپەژرێنێ. مردنی بۆقێک کاریگەریی لە سەر ئەم بوونە یەکپارچەیە هەیە، تورک کاتێ دارستانەکانی کوردستان لە **ئاڤاشین** ئیکۆساید دەکات، بێئاگایە بەرانبەر ئەم بوونە یەکپارچە، ئێران کاتێ ئاو دەگرێتەوە، ڕۆژئاوای وڵاتەکەی خۆی، کە ئێمەین، دەگۆڕێت بە بیابان، نەختێک دواتر ئەم بیابانبوونە وەک خۆرکە دەتەنێتەوە بۆ ئەویش. ئەم گوێرامژیی و کورتبینیە لای ئەوانیش بە چڕیی ئامادەیە.

لێرەوە بێخەیاڵیی، کورتبینیی و نەبینینی دیمەنە گشتییەکە و بێئاگایی بەرانبەر چەمکی ئیکۆسیستەم، ژینگەی ئێمەی بەم دەردەی ئێستا بردووە. کەسێک کە بە کارگەی لم و چەو دەیان کونی کردووەتە جەرگی ئەم ڕووبارە، ژینگە تەنها بە باخچەکەی حەوشەی ماڵ خۆیان تێگەیشتووە. ئیکۆسیستەم شێوازێکە لە ژیان: (پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و چاند و هونەر و ڕامان)، واتا خودپەرستیی شاکۆسپی تێگەیشتنە لە واتای گشتی و فراوانی پەیوەندیی. خودپەرستیی جۆرێکە لە گرژیی و بەرچاوتەسکیی کاڵفامانە و شابەربەستی دەرکی پەیوەندیی هەموو بەش و پارچەکانی ژین.

گەڕانەوەی پیرۆز، یان ناوەندی پیرۆزی لاساییکراوەی نێو میتۆلۆژیا، هەر ئاوا بیری لێ کراوەتەوە و ڕاڤە کراوە. کاتێ شاری کەلار بیچم دەگرێ، ئەوە سیروانە دیسانەوە ئەم شارە دەپارێزێ و بەری ڕۆژهەڵاتی ناوچەکە لە پرۆسەی تەعریبدا دەخرێتە سەر دیالە، ئەمە مەینەتیی بووە بۆ شارەکە و ناچار بووە بە بەری ڕۆژئاوا و باکووردا گەشە بە خۆی بدات. سیروان لەوانەیە یەکێ لە دوانیشانە و ڕایەڵەکانی ئێمە بێ بە باوەڕی دێرینەی کوردستان، کە بەپێی مامۆستا **جەماڵ نەبەز**، یەکەمین باوەڕمەندیی گەلی کوردە: **گیانگەرایی**. گیانگەرایی پەیوەندیی پراگماتیی نییە لێل سرووشت، بەڵکوو بە پێچەوانەی زەینی تیژ و کونکەری مۆدێرنەوە، گیانگەرایی پەیوەندییەکی گیانەکیی و بەسۆزەکییە لەگەڵ سرووشت. ئاشکرایە بەپێی گۆردن چایڵد ئێمە ئەو نەتەوەیە بووین کە ڕۆڵێکی بنەڕەتییمان هەبووە لە هەڵگیرسانی شۆڕشی کشتوکاڵ. شۆڕشی کشتوکاڵ ئەو ڕووداوە گەورەیەیە وا پەرە بە داهێنانی ئایین و دەستبەرداربوون لە باوەڕی کۆنینەی مرۆڤی چاخی بەردین، واتە جادووگەریی، دەدات. لە جەیمز فریزەرەوە تا کەمبڵ و ئیلیادە، ژن ڕۆڵێکی ناوەندیی و باڵکێش دەبینێ، کاتێ دەڵێین ئاو، واتە دەڵێین ژن و سرووشت و ڕامانی دیموکرات. ڕستەی وەک:

دەست لە بەری ئەو دارە مەدەن، دەترسێ و ناپشکوێ.

ئاو ترسا.

خواردنەکە ترسا و هتد بۆ ئەو بنەڕەتە گیانگەراییە دەگەڕێنەوە. لە ئاستی سیرواندا مەرگەساتەکە گەورەترە. لە قۆناغی دابەشکاریی کوردستاندا سیروان دیسانەوە ئەو ناوچە شلە بووە کە نەستی کوردەواریی پەرچ داوەتەوە و گوێی لە سنوورە بە تەلەزریسکە گیراوەکان کەڕ کردووە. لە کفریی و کەرکووکەوە تا سنە، بازرگانیی و ڕەوتێکی فەرهەنگیی خۆمانەی بیچم پێ داوە. گەلۆ ئێمە دەستبەرداری ئەو خۆمانەییە بووین و پاش دووهەزاروسێ ڕادەستی جیهانی بێئامان و زۆڵی ڕۆژئاوا بووین و وا دایکەخواکان سەر دەبڕین، یان ڕاستتر ئێمە لەو بەروارەوە سێبەر، یان وردتر بڵێین بۆن و شەبەنگی مۆدێرنە لەنجەی خۆمانی بیر بردینەوە، بۆنی مۆدێرنە و  شارگەراییەکەی وا گەشتە لووتی ئێمە کە بریتییە لە لەبیرکردنی سرووشت و بێمنەتیی بەرانبەری. ئێمە بووین بە شاریی و ئیدی سرووشت بێکارە. ئەم شەبەنگ و سێبەرە شێواو و چەپەڵەی مۆدێرنە کارەساتی نایەوە لای ئێمە. مۆدێرنە لە نیشتمانی خۆی هاوشانی شارگەرایی سرووشتیشی پاراست، بۆنەکەی گوند و سرووشتی بە ئێمە کاول کرد، بەڵام هەقیقەتەکەی ڕووبار و گوندە سەدان ساڵەکانی خۆیانی، دەستلێنەدراو، هێشتەوە!

بەڵام تێزی کوشتنی دایکەخوای ئاو لای ئەلیادە شتێکی سەیرە. هەمیشە لە پارچەکانی ئەو جیهانە نوێکە بیچم دەگرێ. هەر بۆیە دەڵێن سیروان نامرێ! ئەگەر مردبا ئەو کاتە دەمرد کە بوو بە دیالە! تۆزێک پێش ئەوەی ببێ بە دیالە، من قەڵایەکت لەسەر دادەکوتم: **شێروانە!** کەواتە ژیاریی هەر بەپێی سرووشت ناو دەداتەوە خۆی. کەواتە سیروان نامرێ، بەکۆمەڵایەتییبوونەوەش هەروەها، کەواتە تا ژیریی سۆزەکیی نەبێتەوە هاوتای ژیری ئەناڵەتیک، هەر هەمان خورییە و هەمان تەشی و هەمان ڕستراوی پەرت و شلوشاو.

دۆخەکە بۆ کوردستان جیاوازە، چونکە هێشتانەکێ دەوڵەت نییە تا چینێکی هوردەبۆرژوای شاریی چێ بێ  و کەلتوور و شێوەژیانێک بڕەنگێنێ، بەڵکوو ئەوەی هەیە چینێکی لۆمپەنن، کە لە بەرگێکی تازەدا سرووشت لە پێناو پانتاییەکی بچکۆلەدا: شار، دەهاڕن. کاتێک لە میسڕ و ئێراقی کۆن ئاوەکان دایان لە وشکیی، ئەمە ڕێی خۆش کرد بۆ گەشەی ئاکاری بەدەویی و هێرش و تاڵانیی. کاتێ ئەو بنەڕەتە زهنییە پیرۆزە گیانگەراییانەی وا لە کۆنەستی گەلێکدا بیچمیان گرتووە، دەپچڕێنن، دەبێ چاوەڕێی گێژاو و کایۆسیش بن... چون بنەڕەتی گەڕانەوە بۆ مەرکەزی پیرۆز لە ئایین و میتۆلۆژیادا لەسەر پیرۆزیی شوێن و درەخت و ڕووبارێک لە شێوەی سرووت و مەڕاسیم لە کۆنەستدا خۆی دەدەڵێنێتەوە. ئایا لە هەمان ڕوانگەوە نییە کە ڕابەرێکی سەربازیی و کاریزماتیکی ژیری وەک جەمیل بایک لەپاڵ شێواندنەکانی بەعسدا لە کەسێتیی کوردی باشووردا، هەڵبڕانیشی لە سرووشت بە هۆیەکی تری شێواندنی کەسێتییەکەی دەزانێ. بێ هۆ نییە چەمکی سۆشیالیزمی ژینگەپارێزی

ئۆجەلان سرووشێکی زۆر لە چەمکی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیکی بۆکچین و ناناوەندێتیی ئەو وەردەگرێ! گەلی دیموکراتیک، جا دیموکراتیکی هۆزایەتیی بێ، یان گرێبەستی کۆمەڵایەتیی نەنووسراو، دووره لە دەوڵەت، دووره لە ناوەندگەرایی خوایانە، کەواتە سەربەستە. ئایا هەر لەم ڕوانگەوە نییە تۆما بوا پێی وابوو لای کوردان شوانی سەربەستییە؟

دایکەهاڵ، درێژەی ڕامانی ئاناهیتایە، واتا خوای ئاو، سەروەختێک بە شارستانییەتی میسری کۆن دەوترا بەخشراوی نیل (هبة النیل)، نیل ڕووبارە، خواوەندی ڕووبار ژیانبەخشە، مرۆڤ پێش دەریا بە ڕووبار ئاشنا بووە، لە ڕابردوودا دەریا بۆ مرۆڤ ڕازئامێز و ترسناک بووە، شێت و بێخێر و جڵەونەکراو، بەڵام ڕووبار شادەماری ژیان بووە. بەخشەر و میهرەبان بە ناو دڵی دایکە زەویدا خشاوە و خۆی لوول داوە. تا ئەو کاتەی مرۆڤی ئێمە پەیوەندیی گیانی بە سیروانەوە هەبوو، هیچ مەترسییەک لە سەر سیروان نەبوو.

سیروان خودی ژیان بوو، دەرەوە نەبوو، درووست وەک ژیان دەگوزەرا، دەستلەملانێی ژیان لە سەیرورەیەکی ئەبەدییدا دەگوزەرا. وشککردنی ئێستای سیروان توند گرێدراوی نەفرەتی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی نوێیە، کە بریتیە لە پاوانکاریی و زۆرلێکردنی سرووشت تا ئاستی لاقەکردن. ئێستا ئیدی وەک بەخشەری ژیان تەماشای سیروان ناکرێت، بەڵکوو تەنها وەک سەرچاوەی کەرەسەی خاو چاوی لێ دەکرێت، هەر بۆیە کاتێ لەسەرەوە تەماشای سیروان دەکەی، دڵی پارەپارە کراوە و جەستەی هەلاهەلا کراوی خەڵتانی خوێن کراوە، شوفڵ و حەفارە و ئامێری دیکەی کونکردن وەک دڕەندەیەکی چاوبرسیی و بێویژدان بەربوونەتە جەستەی ئەم خوداوەندە بەخشەرە و لەتوپەتی دەکەن. بەم چەشنە شارستانییەت، کە دەکاتە کەلتووری مادیی و ژیریی ئەناڵەتیک، ئەقڵی ئامرازیی دەکاتە ڕابەر و هاوسەنگی نێوان کۆمەڵی ژووریین و ژێرین تێک دەدات، شارستانییەت وەک بارگەیەکی موگناتیزیی چاوخەڵەتێن، ئاوا سرووشت و مرۆڤ و بوون لە خۆیدا هەڵدەلووشێ و کەلتووری مەعنەویش دەشێوێنێ.

زۆرینەی ڕۆژهەڵاتناسان بە سیروان دەڵێن دیالە، ئەگەر ئەمانە بە کاهینی نیودەوڵەتیی بەناو بکەین، زانای هەڵتۆقیوی پاش مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی، کە زانایییەکەیان ڕێکاوڕێکی قازانجی مادیی دەچێتە ڕێوە. مژاری دەوڵەت گەر پرسێکی ڕاستیش بێ ئەوا لە کوردستاندا ئەم پرسە وا شێواوە بووە بە لۆمپەنیزم، سا ئەم پرسەی دەوڵەت سەرەتا بە کۆتکردنی سرووشت دەست پێ دەکات، وەک جۆرێک لە سەپاندنی میتۆلۆژیا و ئایدۆلۆژیای خۆی بە شێوەیەکی سەرتاپاگیر بەسەر بووندا، پاش ئەمە ڕێکاوڕێک کۆتکردنی مرۆڤ دەست پێ دەکات.

سا ئەمە کۆتایی دووڕیانەکەیە، یان مرۆڤی ئێمە دەستبەرداری گەمژەیی بڕینەوەی لقەکەی ژێر پێی خۆی دەبێت و دەست هەڵدەگرێت لەو لاقەکردن و بێڕێزییە بە سرووشت و شووناسی خۆی. یان وشکبوونی یەکجارەکیی و گیانسپاردنی خوداوەندە بەخشەرەکە.

مارکسیستە بنیاتگەرەکان یەکەمین شێوەی کۆیلایەتیی بۆ دابەشکاریی سادەی کۆیلە و خاوەنکۆیلە دەگەڕێننەوە، ئۆجەلان دێت و یەک بەرد بۆ نێو ئەم گۆمە مەنگە دەهاوێ: نەخێر یەکەمین جۆری کۆیلایەتیی کۆیلایەتیی ژنە، ئوستوورە و گێڕانەوە ئاینییەکان ئەمە دەڵێن، واتای سیمبوڵی وێرانکردنی سەرچاوەکانی سرووشتیش هەر لە هەمان ڕوانگەی شێواندنی ئەنیمای یۆنگیی (لایەنی ژنانەی بوون)ـەوە سەرچاوە دەگرێ. دەڵێن زانست کۆتایی مێژووە، کەواتە کۆتایی بەکۆمەڵایەتیی-بوونەوەشە، لێ زانست ئاگای لەوە هەیە، شتێک هەیە لە مرۆڤدا پێی دەوترێ فەنتازیا، نەست و بنهۆش، کە بە قەولی هەرارى یەکێکە لە داهێنانە سەیرەکانی مرۆڤ. مەسعوود محەمەد دەیوت نازانین بەشەرەکە سبەی چ دەکات. زانست هەرچۆنێک بێ، لێ ناتوانێ بزانێ نەست و ڕەمەکی مرۆڤ لە کوێدا و چۆن تەڵەی بۆ داناوە، ئەمەیە هەمیشە کاتێ نەمروود و خواپاشاکان دەگەنە لوتکەی زانایی، کۆمەڵ پێیاندا دەتەقنەوە… بۆیە نەست نامرێ، کەواتە سیروان نامرێ! ئەمە وەک ئەوەیە بڵێین ژن نامرێ.

بیرمان نەچێ، ئەنگڵس دەمێکە وتوویەتی ناناوەندێتیی تاکە ڕێچارەی نەتوانەوەی سرووشت و هەڵنەلووشینییەتی لەلایەن شارەکانەوە. ئانارکیستەکانی لە وێنەی باکۆنین و کرۆپتیکین کەواتە تەنیا ئاژاوەگێڕێک نەبوون کە ڕەخنەیان لە ناوەندگەراییە چەپۆکسالارە تەکنەلۆژییەی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا دەگرت؛ چون کورتهێنان و خواستی قازانج هیچ پیرۆزییەک ناناسێ.

گەر مارکسیستەکان دەیانوت دەوڵەت ئامرازی چینێکە دژی چینێکی تر، ئەکرێ لە ئاستی کوردستاندا بێژین: دەسەڵات، دەسەڵاتی ڕووتی نێر، کە زۆر ئۆجەلانی تووڕە دەکرد، ئامرازی پیرێک لۆمپەنە بۆ چەوساندنەوەی کۆمەڵ و تێکدانی پەیمانی خێڵایەتیی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵ… مارکس بە گاڵتە و چاوداگرتنەوە نەیوتووە، مرۆڤ پاش ڕامکردنی سرووشت، مرۆڤیش ڕام و کۆیلە دەکات و باری کۆمەڵایەتیی لە چێوە دەدات. بێ هۆ نییە کاتێ دەوڵەت و ئایدۆلۆژیا و فەلسەفەی دەوڵەت پەل بۆ کۆمەڵی سرووشتیی و دیموکراتی کوردیی دەهاوێ، هەمیشە پێش مرۆڤ سرووشتەکەی دەهاڕێ: **ئاڤاشین!** دەڵێن سیروان مرد، سیروان دەمرێت، سیروان زیندوو بوو.

دەی کەواتە، خەڵکی زەریا نیت، دایکتت کوشت! خەڵکی کوێی؟

ئاوارەی زەمینی؟!

ئاوا کۆمەڵگەی دایک و پیرۆزیی زەوی و خاک و نیشتمان بە مرۆڤەوە نەپەنیی دەکرێ. پاشان نۆرەی مرۆڤیش دێ. وەک هۆنراوە کۆنەکەی دۆڵی دووئاوان دەڵێت: ئاوا خراپەیان لە چەرپاکاندا داگیرساند.

**واتای هەندێ وشە:**

هەردەوێڵ: ئاوارە، کڵۆڵ، ون، چارەڕەش

گوێرمامژ: نەزانییەکی زۆر، لەگەڵ فرەوێژیی

ماخۆ: خاوەن

پاوەجێ: بەرقەرار

پەروار: پەروەردە

لێل: لەگەڵ